وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان لە مۆسکۆ پێشانگەیەکی شێوەکاری بە هونەرمەندانی کورد کردەوە

حەمەی حەمەسەعید، وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان لەگەڵ هونەری مەدەرن لە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا، پێشانگەیەکی شێوەکاری بە شەش هونەرمەندی کورد کردەوە.

لە پێشانگەکەدا کە ڕۆژی هەینی ڕابردوو (14ـی تشرینی یەکەمی 2023) ژمارەیەك بەرهەمی شێوەکارانی کوردی ڕووسیا نمایشکرا کە تایبەت بوون بە لایەنەکانی ژیان و کولتووری کورد لە ڕووسیا.

وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان، حەمەی حەمەسەعید بەڕێنی بۆ هونەرمەندانە دا هەموو ئاسانکارییەك بکات بە ئەوەی هونەرمەندانی کوردی هەندەران و هونەرمەندانی کوردی ڕووسیا بتوانن بەرهەم و چالاکییە هونەرییەکانیان لە هەرێمی کوردستان نمایش بکەن.